# ئابڕوویەکی پووچ و تاوانی باوکێك

بژا ر

من له بیرمه

ڕووی ترشاوی (سەی قادر ) و

پەیناوەگەی له گێڵگەدا، ڕەنگی یەگیان هەڵگرتبوو

زاری ئەم و

زاری گورگی کێوی سورێن به ئاشکرا، دەنگی یەکیان هەڵگرتبوو

ووتەی ئەم و ووتەی مەلا و ووتەی ( ساواك )

له بەردەمی خەڵکی هەموو ئاواییدا، سیمای یەکیان هەڵگرتبوو

کەللەی ئەم و کەللەی جرج و کەللەی بەراز

هەموو شەوێك به بێدەنگیی،

له ژێر لێفه و جاجمەوە، خولیای یەکیان هەڵگرتبوو

من له بیرمه

خۆڕادانی له کۆڕی شەونشینانا

وەکو هومەی دوای بەهاری نێو ماڵەکان، زل و بۆش بوو

لەو دێ یەدا، تەنیا سەگی بەر قاپی یەکەی

کلکه لەقێی بۆ دەکرد و بۆ ڕێزی ئەم به پەرۆش بوو

من له بیرمه

له ئامێزی تاریکیدا، زەردەخەنه دەرژا یه سەر لێوەکانی

له جۆلانەی دواکەوتنا، خەوی شیرین دەڕژا یه نێو چاوەکانی

پیلان دەهات به ئەسپایی بوخچەی دڵی دەکردەوە

تاوان دەهات بۆ مەنزڵگای

درۆ و دۆعا و نوێژ و ڕۆژووی دەبردەوە

من له بیرمه

ئەم کابرا یه، قسەی ( شنه )ی

وەك پێڵاوە هەڵتەقیوە ( یەمەن ) یەکەی

هەڵدەگرت و هەر لەوێدا له پێی دەکرد

خوا ستی ( شنه )ی

وەك سیگارە پێچراوەکەی

هەڵدەگرت و بە ئاگردا بە ڕێی دەکرد

من لە بیرمە

ئەم کابرا یە، دڵی ( شنە )ی

بە قەد دڵی بزنە حەچە ی نێو ( گەووڕ ) ەکە خۆش نەدەویست

( شنە ) ی تەنیا وەك زیندا نی و

وەك بارمتەی ئابڕووی پووچ و وەك کۆیلەی بێ زمان دەویست

من لە بیرمە

( سەی قادر )ی مڕ و مۆچ و چاو دەرپەڕیو،

( شنە )ی بردە کەلی کەژا ن

وەك فەرموودە، وەکو حەدیس، وەك ئایەتی ئەل بەقەرە،

بە یەکەم بەرد سەری پژا ن

ئەو جەللادە، ئەو دڕندە، ئەو نوێنەری سورەتانە

بەری نەدا، هەتا سەرە خوێناوییەکەی

لەوێ نەکرد، بە کۆمەڵێك

ووردە نانی ووشك و ڕەقی ناو جامانە

٢٠٠٢-٢-٦